# رۆیشت کەچی ماڵئاوایی نەکرد

ئەحمەد لەتیف خورشید



(١)

تەرمە مۆمیاکراوەکەش لەپێش دوو چاوەکانم راکشاون، لەبەر برسییەتی پێکدا قوپابوو، هیچ ئارامێکی نەبوو، هەموو ساتێکیش هەڵدەستایەوە کەوتبووە ناو دەریای وڕێنەکردن

– دەزانی.. نەختێک ئاوم بۆ بێنە، بەڵکو بەدوو دەستە پیرۆزەکانت چاک دەبمەوە، تەنها یەک پەرداخ ئاو بەڵکو ئازارەکانم پێ کەم دەبێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی کە بخۆمەوە دەبێت گەردەنم ئازاد بکەیت داوای لێبووردنت لێدەکەم، توخوا ببەخشە.

(٢)

بۆچی ئازارم دەدەیت، هەزاران جار گەردەنیشت ئازادبێت دەفەرموو ئاوەکەشت بخۆوە، بەڵام نابێت لێم دڵگیربیت ئومێدەوارم، دەپاڕێمەوە لە یەزدانی پاک

چاکدەبیتەوە.

کورم بەدەست خۆم نییە پێش دوو چاوەکانم هەموو گەردوون رەشپۆش بووە، ئۆخەی بەدەستەکانی تۆش ئاوەکەم خواردەوە، وا هەست دەکەم فەرامۆشیم بەخۆم دێتەوەو نەخۆش نیم.

(٣)

داخی گرانم تۆ بەتەنیایی دەمێنیتەوە، خۆشم دەڕۆم رێگایەکی یەکجار دوورودرێژم لەپێشە.. گەلێک بەزەییم دێتەوە، چونکە خۆشم بەبێ دایک و باوک گەورەبووم، کابرایەکی خێرخواز منی بەخودان کردووە، چونکە باوک و دایکی خۆم لە جەنگی جیهانیی دووەم گیانیان لەدەستداو، خەڵکەکانی دیکەش بەنەخۆشی رشانەوەیەکی کوشندە گیانیان لەدەستدا.

(٤)

خۆت تێک مەدە من ئەو قسانەم کرد بۆ ئەوەی بەزەییت بەخۆتا نیێتەوە، دەبێت یەکجار بەجەرگ و ئازابیت و چاونەترسیش بیت پیاوی دوارۆژ تۆی دەوێت. چەند دڵۆپێک فرمێسک لەچاوەکانی رژا لەو ساتە چەند دڵۆپێک ئاو لەناو دەمی کرد، ئەویش رۆیشت و ماڵئاوایی لێکردین.

(٥)

بەو هیوایە بوو چەند دڵۆپێکی دیکەی ئاو بخواتەوە،

(٦)

چاوەکانی خۆی لێک نا و خۆی پێرانەگیرا وەکو جاران چەند دڵۆپێک فرمێسک لەگەڵ پێنج دڵۆپە ئاو لەسەر لێوو روومەتە خڕپنەکانی گلۆڵ بوونەوە فرمێسکەکانیشی چەشنی مرواری لەناو تیشکی دوو چاوەکانیدا رژابوون لەپێش گلۆپەکەش پەیتا پەیتا هەڵدەوەریێ لەتاوان شێوام لەیادم چوو چۆن نەختێک دوو چاوەکانی بکەمەوە بەڵکو ساتێک بەم جیهانە دڵی خۆش بێت، سێبەرەکانیشی لەتاوان لەناو تێکچرژاندا رووناکی و تاریکییان لێک جیا دەکردەوە.

(٧)

دوو چاوەکانی چەشنی مۆمێک بوون لەداگیرساندا کتوپڕ کزبوون و کوژانەوە، لەو ساتەی کە ئەو کارەساتەم دیت لەتاوان خۆم پێ رانەگیرا و پەرداخە ئاوەکەم لەناو دوو دەستەکانمدا لەرزین.

(٨)

لەناو سێبەری خۆمدا هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد تا کتوپڕ کەوتنە خوارەوە و هەپروون بەهەپروون بوون بە مشتێک خۆڵەمێش، هەستم شێواو بوو وتەکانم پچڕ پچڕ بوون، ئەویش گیانی لەبەرچووبوو رەنگی شین و مۆر هەڵگەڕابوو نەرم و شل ببوون وەک بلێیت تازە خەوی لێک جیابوونەوە لەو خەوە هەمیشەییە دووبارە دێتەوە ژیان.

(٩)

ئێستاش نازانم چۆن ئەو شەوە نەگریسە چۆن کۆتاییهات گەلێک گریام بۆخۆم و بۆ ئەویش لەناو تەنیایی بێ هودەییەتیش تاکەی بسوورێمەوە دوو فرمێسکی جیا کە پێچەوانەی یەکتری بوون تێکچرژان، فرمێسکی ئاوارەیی و فرمێسکی بێ هوودەییەتی وەکو بەفرێکی سارد ماڵئاوایی لێکردم. تارماییەکەش لەناو پێنج پەنجەکانمدا بەگۆشەگیری خۆی دەپێچایەوە، کتوپڕ خۆم پێ رانەگیراو کەوتمە خوارەوە.

(١٠)

پاش چوارپێنج رۆژ چاوەکانی خۆم کردەوە روانیم لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بەتەنیایی راکشاوم، فرمێسکی قەتیسماویشم لەناو چاوەکانم لەنگەریان گرتووە بووینە یەک گاشەبەرد لەبەر چاوەڕوانی.

(١١)

ئێمەی بەجێهێشت.